## هەڵوێستی "پرۆژەی ژنی کورد" بەرانبەر بە شووکردنی نەسرین بەرواری بە پیاوی ژندار

# نەسرین بەرواری کۆنەخوازە و سێمبۆلی ژنی کورد نییە



داخوازینامەی ژنی کورد بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان لە هەرێمەکوردییەکان و ژنانی کورد لە هەندەران کە لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووزی ئەمساڵدا لە هەر دوو پارلەمانی بەریتانیا و کوردستان پێشکەشکرا، خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتییە لە ڕێسا و یاساکان و داوای بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمە کوردییەکان دەکات. ئاشکرایە گۆڕانکاری لە ئاوەز و شێوەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە مەرجێکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. بۆیە دەبێت لە پێش هەمووانەوە دەسەڵاتداران، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و ژنان و پیاوانی پێشکەوتنخواز لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە مێژووییە خۆیان بە بەرپرسیار بزانن. دیارە پرۆژەی ژنی کوردیش کە ئامانجی دابینکردنی خاڵەکانی داخوازینامەی ژنی کوردە لەم ڕێبازەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ.

پرۆژەی ژنی کورد بەرانبەر بە هەر جۆرە وتە، کردەوە یان کارەساتێ کە کاریگەری بکاتە سەر خەبات بۆ دابینکردنی مافەکانی ژنان و پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا هەڵوێستی دەبێت. لەم ڕوانگەیەدا بە پێویستمان زانی بەرانبەر بە ڕووداوی کۆنەخوازانەی شووکردنی نەسرین بەرواری بە پیاوی ژندار هەڵوێستی خۆمان بە کۆمەڵگەی کورد و بە جیهان ڕابگەیێنین. بە بڕوای ئێمە ئەوکارە ڕەوایەتیدانە بە فرەژنی کە دیاردەیەکی نامرۆڤانە و پێشێلکەری مافی ژنان و منداڵانە کە لە کۆمەڵگە مەدەنی و پێشکەوتووەکان، لە یاسا نێونەتەوەییەکان و هەروەها لە داخوازینامەی ژنی کورددا قەدەغە کراوە.

ئەگەرچی پرۆژەی ژنی کورد خوازیاری ئەوەیە کە ژنانی تێگەیشتوو و لێهاتووی کوردستان لە ناوەندی بڕیار و دەسەڵاتداریدا ڕۆڵی کاریگەریان لە بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەدا هەبێت، بەڵام نەسرین بەرواری بەم کارە نادروستەی خۆی ئەو ڕاستییەی دەرخست کە ئەو وەها ژنێک نییە و شیاوی ئەم ئەرکە نەبووە و نابێت! نەسرین بەرواری، کە وەک ژنێکی خوێندەواری کورد لە عێراقی نوێدا دەسەڵاتی سیاسی پێدرا و وەک سیمبۆلی ژنی چالاک و ڕووناکبیری کورد بە بیرورای گشتی جیهان ناسێندرا، ناکرێت بەزۆر بە شووردرابێت بە پیاوی دووژنە و دیارە خۆی ئەو مێردەی هەڵبژاردووە. نەسرین بەرواری بەو کارە پیشانیدا کە کۆنخوازە و سیستەمی پاتریارکی کە ژن وەک کاڵا و ئامراز بەکار دەهێنێت ڕەت ناکاتەوە، ئەگینا پیاوی ژنداری بۆ ژیانی هاوبەش

هەڵنەدەبژارد. ئەو نەک تەنها پایەی خۆی هێنایەخوارەوە بەڵکو زیانی بە پلە و پایەی ژنانی کوردیش لە چاوی بیرورای گشتی کورد و لە جیهاندا، گەیاند.

ئەم کارەی نەسرین بەرواری کە ژنێکی وەزیرە لە عێراق، دەتوانێت کاریگەری نێگاتیڤی لەسەر خەباتی پێشکەوتنخوازانەی ژنان و رووناکبیران لە کۆمەڵگەی کورددا هەبێت و ڕاستەوخۆ ڕەوایەتی بدات بە کۆنەخوازی و پاراستنی داب و نەریتە دژ بە ژنەکان. ئاشکرایە کە پرۆژەی ژنی کورد وەک داکۆکیکار لە مافە مرۆڤایەتییەکان دەبێت ئەو کارە بەتوندی مەحکووم بکات و بەرانبەری هەڵوێست بگرێت.

<u>پرۆژەی ژنی کورد نەسرین بەرواری و مێردە سێ ژنەکەی هیچکام بە شیاوی ئەوە دانانێن کە عێراقی نوێ بەرەو دێمۆکراسی و مەدەنییەت بەرن و پێویستە تەنانەت لە دەسەڵاتی کاتیشدا نەمێنن. ئەگەر نەسرین بەرواری و مێردەکەی خۆیان وازیان لە دەسەڵات نەهێنا، ئەرکی کاربەدەستانی حکومەتی کوردستان و بەرەی پێشکەوتنخوازی عێراقە کە هەرچی زووتر لەو بوارەدا هەنگاوی پێویست هەڵگرن و پێش هەموو شتێکیش کارە ناڕەواکەی ئەوان مەحکووم بکەن.</u>

ئەگەر دەسەڵاتدارانی کورد لە باشووری کوردستان باس لە ڕەوایەتی خەباتی ژنانی کوردستان بۆ مافەکانیان دەکەن و هەروەها بەرنامەی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەیان بەدەستەوەیە، ئەوان پێویستە بەڕاشکاوی ڕێگە لە هەموو کردەوەیەکی کۆنەخوازانە بگرن و نەهێشتنی داب و نەریتە نامرۆڤانەکان وەک فرەژنی یەکێ لەوانەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کارە لە کاربەدەستانی حکومەتی، ئەندامانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و کەسایەتییەکان ڕووبدات. جەماوەری وشیاری کورد چاوەڕێ ئەوەن کە دەسەڵاتداران وتار و کرداریان یەک بێت.

پرۆژەی ژنی کورد
04/10/2004